# شیعری سۆفیگەری و زێدەڕۆیی لە (عیشقی حەقیقی)دا


پ. ی. د. فازڵ حەمەسەعید

(زانكۆی سەڵاحەددین- كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی زمانی عەرەبی)


عیشقی حەقیقی، بنەما و جەوهەری تەسەوفە، ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی قووڵ و پەیوەستیی توند و پێوەندیی تایبەت بە خواوە، گەورەترین بەڵگەی ئەو پێوەندییەیە، بۆیە هیچ شتێك هێندەی عیشق و خۆشەویستی پانتایی لە ئەدەبیاتی سۆفیدا داگیرنەكردووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە عیشقیان بۆ: عیشقی حەقیقی پۆلێن كردووە، عیشقی پێغەمبەر (د.خ)، عیشقی مەجازی.

عیشقی حەقیقی لای سۆفی پلەی باڵایە و لەسەرووی ئەوەوە هیچی تر نییە، ئەمەش لە دڵێكی پاك و بێگەرد و دوور لە بابەتە دنیاییەكانەوە دروست دەبێت و گەشە دەكات، هەر كاتێكیش سۆفی بەم پلەیە گەیشت، ئیتر زمانی ئاسایی گیر دەخوات و توانایی گوزارشتكردنی نامێنێت، بۆیە لەم بارەدا ئەدەبی سۆفیگەری پەنا دەباتە بەر شێوازی خۆشەویستی خاوێن (الحب العذري) و هەمان وشە و فەرهەنگی ئەو ئەدەبیاتە بەكاردەهێنێت، كە ئەمەیان خۆشەویستی نێوان دوو كەسە بە شێوازێكی پاك. ئەدەبیاتی سۆفیگەری پەنا دەباتە بەر زمانی خۆشەویستی مرۆیی و لە خزمەت خۆشەویستیی خواییدا بەكاری دەهێنێت، چونكە لای ئەوانی سۆفیگەر؛ هەرچەندە دنیابینی فراوانتر بێت، گوزارشت لاوازتر دەبێت، بۆیە پێویستیان بە هەر جۆرە دەربڕینێك دەبێت تا بتوانن گوزارشت لە خۆشەویستی خۆیان بۆ خوا بكەن، لەم بارەیەوە (محمد بن عبدالجبار بن الحسن النفري)، یەكێك لە دیارترین سۆفییەكانی سەدەی چواری هیجری دەڵێت: «كلما اتسعت الرؤية ضاقت العبارة (١)»، بەو واتایەی كاتێك ئەزموونە ڕوحییەكان و دنیابینییەكان فراوان و قووڵ دەبن؛ دەگەنە ئاستێك ئیتر زمان ناتوانێت گوزارشتیان لێ بكات، هەر ئەمەشە وا دەكات ئەدەبیاتی سۆفیگەری ناچار بێت پەنا بۆ گوزارشتەكانی عیشقی مەجازی ببات.

عیشقی مەجازی لە تێڕوانینی سۆفیگەریدا بریتییە لە خۆشویستنی دروستكراوەكانی خوا، وەك خۆشەویستی ژن و پیاو بۆ یەكتری. بە

تێڕوانینی سۆفیگەری ئەم قۆناغە هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە عیشقی حەقیقی، واتە خۆشەویستی دروستکراوەکان دەبێتە پاڵنەرێک بۆ خۆشەویستی خوا، گوزارشتەکانی خۆشەویستی مەجازیش دەبنە مایەی ناساندن و باسکردنی ئەزموونی ڕوحی، بە دەربڕینێکی تر، پەڕینەوە لە خۆشەویستی جەستەیی و مەجازییەوە بۆ خۆشەویستی ڕوحی و حەقیقی، چونکە — بە بۆچوونی ئەوان- تا مرۆڤ ئامادەیی خۆشەویستی مەجازی تێدا نەبێت و لە گەڵیدا نەسازابێت؛ ناتوانێت بگاتە خۆشەویستی حەقیقی (٢). هەندێک جار ئاماژە بە چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه السلام) دەدرێت، لە خۆشەویستی مانگ و خۆرەوە دەستی پێ کرد بۆ خۆشەویستی خوا، واتە خۆشەویستییە دنیاییەکە بووە ئەزموونێک بۆ خۆشەویستی ڕوحی.

ئەم تێکەڵاوییە وای کردووە کاتێک شیعرێکی سۆفیگەری دەخوێنیتەوە، نەزانیت باس لە چ خۆشەویستییەک دەکات، هێندە زیادەڕۆیی دەکات لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و دەربڕینەکانی خۆشەویستیی مەجازیدا، ئەمەش وای کردووە هەندێک بگەنە ئەو بڕوایەی بڵێن ئەوانەی باس لە خۆشەویستی ڕوحی و حەقیقی دەکەن؛ پێشتر ئەزموونی خۆشەویستی دنیایی و مەجازییان کردووە، لەوانەیە باشترین نموونەش (ابن الفارض) بێت (٣).

ئەدەبی سۆفیگەری وشە و گوزارشتی تایبەت بە خۆی هەیە، وەک پێشتریش گوتمان، بۆ نموونە مەی، یان ئافرەت، مەرج نییە بە هەمان واتای دنیایی بێن، بەڵکوو بە جۆرێک بەکاردەخرێن بۆ دەربڕینی عیشقی حەقیقی، لەگەڵ مەبەستی کەسی سۆفیگەر بگونجێن. ئەگەر سەرنجێکی قەسیدەی (نووری بادە)ی مەحوی بدەین، ئەم بابەتە بە خێرایی ڕوون دەبێتەوە، دەبینین چۆن بادە و لەیلای بەشێوازی سۆفیگەری بەکارهێناوە، دەڵێت (٤):

**بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چ بکەم؟**
**بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چ بکەم؟**

لێرەدا دەبینین نووری پاڵداوەتە لای بادە، زوڵمەتیش لای تەقوا، کەچی بە تێڕوانینی ئیسلام تەقوا نوورە، خەڵک لە تاریکی بێ باوەڕی دەرباز دەکات، بەڵام ئەم شێوازی دەربڕینە سۆفیگەرییە و واتا ڕووکەشەکەی مەبەست نییە، بەڵکوو هەر یەک لە نووری بادە و زوڵمەتی تەقوا ئاماژەیەکی تریان تێدایە. لێرەدا بادە بریتییە لە خۆشەویستیی خوا، بۆیە نووری بادەش نووری خۆشەویستی خوایە، تەقواش لێرەدا تەقوایەکی فریودەرە، خۆ ئەگەر ڕووکەشی و فریودەر بێت، لەبری ئەوەی بۆ ڕووناکیت ببات؛ دەتخاتە زوڵمەت و تاریکییەوە.

فەنایی زۆر بە جوانی باس لەو جۆرە بادەیەی ئەدەبیاتی سۆفیگەری دەکات، ڕوونی دەکاتەوە چەند لە بادەی دنیایی جیاوازە (٥):

**دڵبەر کەسێکە دڵ با، نەک چاوەچاوی دیمەن**
**سەرخۆشی بادە هەرگیز ناچێ بەلای هەوادا**
**وا تێنەگەن لە بادە ئاوی ترێم مورادە**
**مەبەستی شەرابی وەحدەت پولێ بەمانە نادا**

ئەگەر بۆ قەسیدەکەی مەحوی بگەڕێینەوە، دەبینین لە دێڕی کۆتاییدا دەڵێت:

**ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی**
**هەتا قامی قیامەت ئاهـ و واوەیلا نەکەم چ بکەم؟**

لێرەشدا لەیلا ئافرەت نییە، خۆشەویستیی دنیاییش نییە، بەڵکوو مەبەست لێی یارە، بەڵام یار بە واتای سۆفیگەری، ئەویش گەیشتن بە خوای گەورەیە. هەر بەم واتایە، (ابن الفارض)

کە یەکێک لە دیارترین شاعیرە سۆفییەکانە، لەیلای بەکارهێناوە، ئەوەتا دەڵێت (٦):

أ وميضُ برقٍ بالأُبَيرقِ لاحا
أم في رُبى نجدٍ أرى مصباحا؟
أم تلك ليلى العامرية أسفرَتْ
ليلاً، فصيَّرَتِ المساءَ صباحا؟

واتە: ئەوەی من دەیبینم تیشکی ڕووناکییە لە (الأُبَيرقِ) دەردەکەوێت؟ یان گڵۆپە لە (رُبى نجدٍ)؟ یان ئەوە لەیلایە خۆی دەرخستووە و شەوی گێڕاوە بە ڕۆژ؟

ڕاستە شیعری سۆفیگەریی زمان و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام زێدەڕۆیی زۆریشی تێدایە، چ لە جۆری دەربڕینی خۆشەویستییەکە، چ لە تێگەیشتنی خوێنەران و تێکەڵکردنی خۆشەویستی حەقیقی و مەجازی.

نموونەی ئەو شیعرە سۆفیگەرییانە زۆرن کە بە شێوازی خۆشەویستی مرۆڤ گوزارشت لە خۆشەویستی خوا دەکەن، کاتێک ئەم شیعرەی ڕابیعەی عەدەوییە (٧١٧- ٧٩٦م) دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت شیعرێکی غەزەلییە (٧):

أحبكَ حبّين: حبَّ الهوى
وحبًا لأنك أهلٌ لذاكا
فأمّا الذي هو حبُّ الهوى
فشغلي بذكرك عمّن سواكا
وأما الذي أنت أهلٌ له
فلست أرى الكون حتى أراكا
فما الحمد في ذا ولا ذاك لي
ولكن لك الحمدُ في ذا وذاكا

لێرەدا ڕابیعە باس لە دوو جۆر خۆشەویستی دەکات بۆ خوا: یەکێکیان خۆشەویستی دنیایی و هەوا و ئارەزووە، دووەمیان خۆشەویستییەکی تایبەت و شایستەیە بە خوا. خۆشەویستی یەکەم هەر ئەوەیە لە نێو مرۆڤدا باوە، بۆیە شێوازەکانی گوزارشتکردن لە هەردوو خۆشەویستییەکە یەک دەگرن بە یەک ئاقاردا دەڕۆن.

لێرەوە ورده وردە چەمکەکان و وێنەکانی خۆشەویستی و غەزەلی مرۆیی و دنیایی دەخزێنە ئەدەبی سۆفیگەری و بەرەو زێدەڕۆیی دەبەن، هەمان چوارچێوەی خۆشەویستی کوڕ و کچێکی پێ دەبەخشن و بە هەمان ڕێگە و وێنە گوزارشتی لێ دەکەن، وەک لەم چەند دێڕەی (ابو الحسن الششتري) (١٢١٢ -١٢٦٩م)، سۆفیی گەورەی ئەندەلووس و مەغرب، دەردەکەوێت (٨):

سهِرْت غرَاماً والخلِيُّون نوَّم
وكيْفَ ينامُ المُسْتهامُ المتيَّمُ
ونادَمَني بعدَ الحبيبِ ثلاثةٌ
غَرامي ووجْدي والسَّقامُ المخيِّمُ
أأحْبابَنا إن كانَ قَتْلي رِضَاكُم
فَها مُهْجَتي طَوْعا لكم فتحكَّموا

لێرەدا شاعیر هەر ئەوە دەکات کە عاشقێکی دنیایی دەیکات، بە هۆی خۆشەویستی و هۆگری و ئالوودەبوونەوە شەونخوونی دەکات، نەک هەر ئەوەندە؛ بەڵکوو ئامادەیە خۆی بە کوشت بدات لە پێناو ڕازیکردنی خۆشەویستدا.

هەڵبەتە ڕووکاری شیعرەکە خۆشەویستیی دنیایی و ڕوحیش هەڵدەگرێت، بەڵام وەک گوتمان لە سۆفیگەریدا هەموو شتێک بۆ گوزارشتە لەو خۆشەویستییەی لە سەرووی هەموو شتێکەوە دایدەنێن، ئەوەتە یەکێکی وەک ئیبن عەرەبی (١١٦٤-١٢٤٠م) کە لە دیارترین سۆفییەکانە و بە (الشيخ الأكبر) ناسراوە؛ خۆشەویستی دەکاتە ئایین و بە کرۆکی سۆفیگەری دادەنێت و دەڵێت (٩):

أَدينُ بدينِ الحُبِّ أَنَّى تَوَجَّهَتْ
ركائِبُهُ، فالحُبُّ ديني وَإِيماني

لێـرەدا زێدەڕۆیـی گەیشـتووەتە لووتکـە. پێـش ئەویش ئـەم ڕۆچـوون و زێدەڕۆییـە لـە خۆشەویسـتی و عەشـقدا حەللاجـی (٨٥٨-٩٢٢م) گەیانـدە ئـەو ئاسـتەی بڵێـت: (انـا الحـق)، ئیتـر بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد لەگـەڵ خـوادا بووەتـە یـەک و هەرکـەس هەرکامێکیـان ببینێـت وەک ئـەوە وایـە ئـەوی تـری دیبێـت، وەک دەڵێـت (١٠):

أَنا مَن أَهوى وَمَن أَهوى أَنـا
نَحنُ روحانِ حَلَنا بَدَنا
نَحنُ مُذ كُنّا عَلى عَهدِ الهَوى
تُضرَبُ الأَمثالُ لِلناسِ بِنـا
فَإِذا أَبصَرتَني أَبصَرتَـهُ
وَإِذا أَبصَرتَهُ أَبصَرتَنا
أَيُّها السائِلُ عَن قِصَّتِنا
لَو تَرانا لَم تُفَرِّق بَينَنا
روحُهُ روحي وَروحي روحُهُ
مَن رَأى روحَينِ حَلَّت بَدَنا

ئەمـە چ جیاوازییەکـی هەیـە لەگـەڵ ئـەو خۆشەویستی و تێکەڵبوونـە دنیاییـەی ڕەزا حەمـە لـە دەقێکـدا باسـی دەکات و ئیبراهیـم خەیـات کردوویەتـی بـە گۆرانـی:

**ئێمە گیانێکین لـە دوو جـەستەدا**
**وەک شیعر و ئاواز، لەیەک بەستـەدا**
**دنیا نـاتوانێ لێکمان کاتەوە**
**مەگـەر خوا بۆ خـۆی بمانباتەوە!**
**ئێمە پەروەردەی یـەک خـۆڵ و ئـاوین**
**بۆ یـەک مەبەسـت و بۆ یەک پێناوین**
**لـە نـاو یـەکتردا تـواوینەوە**
**ڕێبواری یەک ڕێین جیا نـابینەوە**

وەک پێشـتر ئامـاژەی پـێ کـرا؛ ئـەوەی لـە خۆشەویسـتی دنیاییـدا گوتـراوە، ئـەوان بـۆ خۆشەویسـتی ڕوحـی بەکاریـان هێنـاوە، هـەر شتێکیش لـەو ڕێ و گـوزەرەدا بێت، ڕەوایەتی پێ دراوە و تـا ڕۆچـوون لـە بابەتـی ئارەزوو و حـەز و چێـژ ڕۆیشـتووە، ئەوەتـە یەکێـک لـە قوتابییەکانـی (ابـو الحسـن علـي بـن جابـر الدبـاج الإشـبيلي) بـە مێردمنداڵێکـی جوانکیلـە دەڵێـت: ماچێکـم بـدەرێ، منداڵەکـەش دەڕوات لای (ابـو الحسـن) شـکاتی لـێ دەکات، (ابـو الحسـن) بـە منداڵەکـە دەڵێـت: ئـەی بـە گوێـت کـرد؟ ئەویـش دەڵێـت: نەخێـر، ئینجا (ابـو الحسـن) لـە منداڵەکـە تـووڕە دەبێـت و دەڵێـت: (فمـا هـذه الثقالـة؟ مـا كفـاك ان حرمتـه حتـى تشـتكي بـه أيضًـا؟ (١١)!)، واتـە: ئـەو بارگرانییـە چییـە؟ ئەوەنـدەت بـەس نەبـوو لە ماچەکـە بێبەشـت کـرد، هاتـووی شکاتیشـی لـێ دەکەیـت؟! جـا ئـەو ئەبـوو حەسـەنی ئیشـبیلییە کەسـێکی زاهیـد و چاکەکاریـش بـووە (١٢).

زێدەڕۆیی لە سۆفیگەری و شیعری سۆفیگەریدا سـنووری نییـە، بـە ئەندازەیـەک ڕامـان و سـەرنج و نیگایـان بـۆ جوانـی بینـراو (الجمـال المحسـوس)، بـە مایـەی گەیشـتن بـە جوانـی خـوا (الجمـال المعقـول) دەزانـن، پێیـان وایـە خـوا لـەو جوانییەدا خـۆی دەنوێنێـت، ئەوەتـە (ابـو الفتـح الأعـور الصوفي) گوێـی لـەم دێـڕە دەبێـت:

وجهُك المأمولُ حجتُنا
يوم يأتي الناسُ بالحُجَجْ

دەبوورێتـەوە و لـە هۆشـی خـۆی دەچێت، کاتێـک بـەرزی دەکەنـەوە؛ دەبینـن گیانـی سـپاردووە، دەیشـۆن و دەینێـژن، ئەوجـا ئـەوەی مایـەی سەرسوڕمانە ئـەو دێڕە بەشێکە لـە چەند دێڕێکی شـاعیرێکی خراپـەکار، دەڵێـت (١٣):

يا بديع الدل والغنج
لك سلطان على المهج
إن بيتًا أنت ساكنـه
غير محتاج إلى السرج
وجهك المأمول حجتنا

يوم يأتي الناس بالحجج

سۆفییەکان بیانوویان وایە کە ئەوان لەو جۆرە قسانەدا ئەو واتایە وەردەگرن کە خۆیان مەبەستیانە (١٤)، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە بە زۆر ملبادانی دەقە و جۆرێکیشە لە دڵدانەوە و خۆڕازیکردن.

ئەوەی دەربارەی زێدەڕۆیی لە عیشقی خواییدا وترا؛ بۆ عیشق و خۆشەویستی پێغەمبەریش (د،خ) هەر ڕاستە، لە پیاهەڵدان و ستایشی ئەویشدا هەمان ڕێچکە و شێواز پیادە دەکەن. لێرەدا زێدەڕۆییەکە زۆر دوور دەڕوات، هەندێک جار هیچ سنوورێک ناهێڵێتەوە و بە تواناییەکانی خوا پەسنی دەکەن، وەک ئەوەی (ابن نباتة المصري) (١٢٨٧- ١٣٦٦م) دەڵێت (١٥):

لولاه ما كان أرضٌ لا ولا أفق
ولا زمان ولا خلق ولا جيل
ولا مناسك فيها للهدى شهب
ولا ديار بها للوحي تنزيل

واتە ئەگەر محەمەد (د.خ) نەبوایە؛ هیچ شتێک نەدەبوو، نە زەوی، نە ئاسۆ، نە کات، نە شوێن، نە وەحی. ڕاستییەکەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خودی بیرکردنەوەی سۆفییانەیە، بریتییە لە ڕاستیی محەمەدی (الحقيقة المحمدية)، ئەمەش بوونی لەسەر وەستاوە (قبة الوجود)، ئەوەتا (ابن عربي) دەڵێت: «**هو المهيمن على جميع الخلائق، جعله الله عمدًا اقام عليه قبة الوجود (١٦)**»، بۆیە ئیتر شتێکی نامۆ نییە هەر شتێکی تر لە ئەدەبی سۆفیگەریدا ببیستین و ببینین.

زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی وشە و وێنەکانی خۆشەویستیی مرۆییشدا کراوە. لە کۆندا شاعیرانی عەرەب شێوازی تایبەتییان بۆ شیعر نووسین هەبووە، لە بەشێکی شیعردا پێویست بووە غەزەل هەبێت و باسی جوانی یار بکرێت، دوای هاتنی پێغەمبەریش (د.خ) ئەم شێوازە هەر ما. کاتێک کەعبی کوڕی زوهێر بیستی لەلایەن پێغەمبەرەوە (د.خ) خوێنی حەڵاڵ کراوە لەسەر ئەوەی هەجووی کردبوو؛ بە پەلە خۆی گەیاندێ و بە قەسیدەیەک داوای لێبوردنی کرد، ١٤ دێڕی سەرەتا غەزەلە، تەواوی قەسیدەکەش ٥٩ دێڕە، دەڵێت (١٧):

بانَت سُعادُ فَقَلبي اليَومَ مَتبولُ
مُتَيَّمٌ إِثرَها لَم يُجزَ مَكبولُ
وَما سُعادُ غَداةَ البَينِ إِذ رَحَلوا
إِلّا أَغَنُّ غَضيضُ الطَرفِ مَكحولُ
هَيفاءُ مُقبِلَةً عَجزاءُ مُدبِرَةً
لا يُشتَكى قِصَرٌ مِنها وَلا طولُ

پێغەمبەر (د.خ) گوێی لێ گرت و ڕێگریشی لێ نەکرد، بگرە لێی خۆش بوو، دواتریش عەباکەی خۆی بە دیاری پێ بەخشی، بۆیە قەسیدەکە بە (البردة) ناسراوە.

ئەم شێوازە لە غەزەل جێی خۆی لە شیعری پیاهەڵدان و پەسنی پێغەمبەردا (د.خ) کردەوە، بۆ نموونە (لسان الدين بن الخطيب) لە ستایشی پێغەمبەردا (د.خ) دەنووسێت (١٨):

سَلْ مَا لسلمَى بنَارِ الهجْرِ تكْوِينِي
وَحُبُّهَا فِي الْحَشَى مِنْ قَبْلِ تَكْوِينِي
وَفِي مُنَاهَا تَمَنَّيتُ المُنَى فَغَدا
قَلْبِي كَئِيباً بِبَلْوَاهُ يُنَاجِينِي
لَمَّا انْثَنَتْ فِي الحُلَى تَزْهُو بِبَهْجَتِهَا
وَبِالغَزَالَةِ تُزْرِي وَالسَّرَاحِينِ

ئەم دەقە ڕێک دەڵێی لە ستایشی ئافرەتدا نووسراوە، کەچی مەبەستەکە پێغەمبەرە (د.خ). شاعیر باسی (سلمی) دەکات، باسی ئەوە دەکات هەر لە پێش دروستبوونییەوە بە ئاگری ئەو سووتاوە، سەلما بەجێی هێشتووە و ئەمیش لەتاودا سووتاوە و دڵتەنگە، چونکە سەلما هێندە

جوانە کاتێک بە خشڵەکانییەوە دەردەچێت و لەنجەولار دەکات؛ ئیتر جوانی ئاسک هیچ بەهایەکی نامێنێت.

بەم جۆرە باسکردن و ستایشی پێغەمبەر (د.خ) بەردەوامی هەیە، بە ئەندازەیەک هەست ناکەیت بۆ ئافرەت نووسراوە، یان بۆ پێغەمبەر (د.خ)، بگرە هەست دەکەیت هەر بۆ ئافرەت نووسراوە و بە زۆر دەکرێتە ستایشی پێغەمبەر (د.خ).

با بێینە ناو ئەدەبی کوردی و سەرنجێکی شیعرێکی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای کاتب، ناسراو بە فەنایی بدەین بە ناوونیشانی (قوربانی) (١٩)، دەڵێت:

**جەژنی قوربانە هەموو کەس عادەتی قوربانییە**
**ئەی منی بێچارە چی بکەم؟ کەڵکی قوربانم نییە**
**گەر بەرانێ بوو بە دیلی زیبحی تاقانەی خەلیل**
**بۆ بەلاگێڕی سەری تۆ، من خەمی گیانم نییە**
**من لە ناخی دڵمەوە خۆم دایە بەر تیغی برۆت**
**تا بزانی من لە قوربانی هەراسانم نییە**
**دەستی تیغی تۆ کە شل بوو بۆ ڕژانی خوێنی سەر**
**دەی ئیتر چی بکەم لە بەختی خۆم؟ کە تاوانم نییە**
**بۆ فەنایی فەخرە قوربانی ئەگەر حەز کەیت لە خێر**
**گەر چی لاواز و زەبوونم، نرخی جارانم نییە**

هەر خوێندنەوەیەکی ئاسایی دەری دەخات کە ئەمە غەزەلە و بۆ ئافرەت گوتراوە نەک پێغەمبەر (د.خ)، کەچی سروودبێژەکان لە بۆنە ئایینییەکان و دانیشتنە ئیمانییەکاندا وەک دەقێکی ئایینی دەیخوێننەوە و دەیهۆننەوە. شاعیران بابەتی قوربانیدانیان بۆ خۆشەویستانیان بەکارهێناوە، دوور لە واتای ئایینی، وەک ئەوەی تاهیر بەگی جاف دەڵێت (٢٠):

**دەزانی بۆچی مەسروورم؟ ئیشارەی کردمێ دڵبەر**
**وتی: حازر بە بۆ کوشتن، سبەینێ جەژنی قوربانە**

ئەم تێکەڵاوییە لەو زێدەڕۆییەی شیعری سۆفیگەرییەوە دروست بووە، هێندە چەمک و وشە غەزەلییەکانیان بەکارهێناوە؛ ئیتر خوێنەر غەزەلێکی ئاساییش هەر وەک مەبەستێکی ئایینی دەخوێنێتەوە، وەک بڵێی ئەو شاعیرە خواناسانە هەر ئەوەیان لێ دەوەشێتەوە نەک غەزەل، لە کاتێکدا زۆربەی شاعیرە خواناس و عاریفەکان شیعری خۆشەویستییان نووسیوە، هەر لە دیوانی (فەنایی)دا؛ بە دوای ئەو غەزەلەی (قوربانی) یەوە، غەزەلێک بە ناوی (بێخاڵی دڵ) دێت و شاعیر بۆ ئازیزێکی نووسیوە.

هەر ئەم تێکەڵاوییە ئەو ئارەزووەی لای خوێنەر دروست کردووە، دەقەکان لە مەبەست و بەستێن (کۆنتێکست)ی خۆیان دوور دەخاتەوە و ڕاڤەیەکی ئایینییان بۆ دەکات. جارێک دێڕە شیعرێکی (مەحوی)م بەرچاو کەوت، بەڕێزێک ڕاڤەیەکی لەم جۆرەی بۆ کردبوو، لە تەواوی دەقەکەی داماڵیبوو، واتایەکی لێ بار کردبوو کە هەڵی نەدەگرت، مەحوی دەڵێت (٢١):

**وا مشەوەش بوو کە میحرابی برۆتی دی ئیمام**
**ئیزنی خەڵکی دا کە دنیا ئاخرە بۆ دێنە نوێژ**

ئەو بەڕێزە ئەم بابەتەی بە نەخۆشکەوتنی پێغەمبەر (د.خ) و پێشنوێژی ئەبووبەکر (ڕ.خ) بەستبووەوە، لە پەڕەی خۆی لە فەیسبووک نووسیبووی: «ئەبووبەکر لە دوا نەخۆشیی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) ئیمامەتی نوێژی دەکرد، لەو کاتەدا پێغەمبەری ئازیز لە حوجرەکەی عائیشەوە کە بەسەر مزگەوتدا دەیڕوانی، پەردەی پەنجەرەکەی لادا و سەیری هاوەڵانی دەکرد، ئەبووبەکر کە سەری بەرزکردەوە و بینی، بەرچاوی ڕەشبوو، ئاگای لەخۆی نەما و وایزانی قیامەت هەستاوە، (مەحوی)ش باسی ئەو ساتەوەختەی ئەبووبەکر دەکات».

ڕاستییەکەی دێڕەکە ئەو مانایە هەڵناگرێت، چونکە:

١- کۆی شیعرەکە لەو بابەتەوە دوورە.

٢- خودی دێڕەکەیش لە ڕووداوەکەی پێشنوێژیکردنی ئەبووبەکر (ڕەزای خوای لێ بێت) و هاتنی پەیامبەر (دروودی خوای لێ بێت) دوورە.

٣- ئەگەر لێکچوونێکیش هەبێت؛ ناکرێت بەیتەکە لە کۆی دەقەکە دابڕین، چونکە واتادارکردنی دەق بە بەڵگە و پاساوی گونجاو دەبێت.

خۆ ئەگەر سەیرێکی دێڕەکانی تری دەقە شیعرییەکە بکەین ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن (٢٢):

**تا لە دەوری لێوی ئاڵی خەططی سەبزی بوو عەیان**
**عاشقانی جوملە وەک بەنگێ دەبینم گێژ و وێژ**
**هەر بە تیرێ خستمی، هەڵیاوەسیم، ئیشی منی**
**بەس لە کورتی بڕییەوە، عومری مژە و زوڵفی درێژ**

واتە: هەر گەندەمووی دەوری لێوی یار دڵدارانی شێت کردووە، ئەوجا هەر بە تیرێکی برژانگی منی کوشت و بە تاڵێکی زوڵفیشی هەڵیواسیم.

ڕاستییەکەی بە ڕوونی دیارە ئەم بابەتە غەزەل و خۆشەویستییە و یار ئافرەتە، بابەتەکەیش لە پێغەمبەر (د.خ) و ئەبووبەکر (ڕ.خ)ەوە دوورە، بەڵام خوێنەر وادەزانێت دەبێت ئەم زوڵف و برۆیەی (مەحوی) هیی یار نەبێت و واتایەکی تری هەبێت، وەک ئەوەی ئەم بابەتانە لە شاعیرێکی وەک (مەحوی) نەوەشێنەوە. ئەوەتا خوێنەرێک سەرنجێکی لەسەر نووسینی ئەو بەڕێزە خستبووە ڕوو، گوتبووی: «دەستت خۆش بێت، زۆر جار کە شرۆڤەی ئەم هۆنراوانەی (مەحوی) و بێخودم دەبیست، بۆ باسی پەرچەم و برۆی ئافرەتیان دەبردەوە، چونکە ڕاڤەکار هەر ئەوەی لە مێشک و دڵدا بوو. خاوەن پەیام و براکانی (مەحوی) و (بێخود) یش درەنگ هاتن، ئێستایش هەر درەنگ نییە، بەردەوام بن، زۆر هۆنراوەی تری ئەو شاعیرانە هەیە، ئێمەومانان لێی تێ ناگەین، ئاوا بۆمان سادە بکەنەوە».

ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەم سەرنجە ڕاستە، (مەحوی) و شاعیرانی تریش باسی برۆ و زوڵف و پەرچەم و زیاتریشیان کردووە، هەر بۆ نموونە، (مەحوی) دەڵێت (٢٣):

**بە یادی ئەو لەبە، ئەی شۆخی ڕوومەت ڕۆژی مەه غەبغەب**
**لەبالەب ما لە ناڵەم سینە، هەر وەک کۆتری لەبلەب**
**لە وەقتێکا کە ڕوحم گەییە سەر لەب؛ ڕوحی من بە فدات**
**دەبێتە ڕوحی تازە گەر ئەو لەبەم بێنییە سەر لەب**

واتە: ئەی یار، لەبەر بیرکردنەوە لە لێوی تۆ سینەم پڕ لە ناڵەیە، لە کاتێکدا خەریکە ڕوحم دەربچێت، ئەگەر لێوت بخەیتە سەر لێوم، ئەوە زیندوو دەبمەوە.

دەمەوێ بڵێم ئەو زێدەڕۆییەی لە شیعری سۆفیگەریدا هەیە؛ خوێنەرانیشی فێری زێدەڕۆیی کردووە، ئارەزووی ئەوەیان هەیە ڕاڤەیەکی ئایینی بۆ هەموو زوڵف و پەرچەمێک ببیستن، وەک بڵێی شاعیرانی دیندار هەرچییان گوتبێت، هەر دەچێتەوە سەر عیشقی حەقیقی، لە کاتێکدا هیچ وا نییە، دیوانەکانیان لە عیشقی دنیایی بێبەش نین، نەک هەر ئەوەندە؛ بگرە ئیمامی غەزالی دەگێڕێتەوە کە (قیس بن الملوح) کە بە (مجنون لیلی) ناسراوە و یەکێک لە دیارترین شاعیرەکانی غەزەلی خاوێنە؛ دوای مردنی لە

خەودا بینراوە، پرسیاری لێ کراوە خوا چی لێ کردیت؟ ئەویش دەڵێت: «غفر لي وجعلني حجة عَلَى المحبين (٢٤)»، واتە: لێم خۆشبوو و کردمی بە بەڵگە بۆ ئەوانەی خۆشەویستی دەکەن.

یەکێکی تر لەو دێڕانەی لە دەقەکەی دەردەهێنرێت و ڕاڤەیەکی ئایینی بۆ دەکرێت؛ ئەم دێڕەی (تاهیر بەگی جاف)ــە (٢٥):

**که زوڵفی عاریزی پۆشی، وتم یا ڕەب چ سیرێکه**
**له لایێ زوڵمەتی کوفره، له لایێ نووری ئیمانه**

بەڕێزێک دەربارەی ئەم دێڕە لە دیمانەیەکدا دەڵێت: «ئەم تێکستە لە تەکیەیەکی زیکرکردندا گوتراوە، کاتێک (تاهیر بەگی جاف) دەبینێت دەروێشێک زیکر دەکات و قژی بەرداوەتەوە بۆ خوارەوە، (لا الە الا اللە) دەکات، بە لایەکدا دەڵێت: (لا الە)، بە لایەکدا دەڵێت: (الا اللە). کاتێک تۆ دەڵێیت (لا الە)، واتە: هیچ خوایەک نییە، ئەمە زوڵمەتی کوفرە، کاتێک دەڵێیت: (الا اللە)، ئەمە جێگیری دەکەیت و دەڵێیت: بێجگە لە خوا، ئەمە نووری ئیمانە».

ڕاستییەکەی ئەم لێکدانەوەیە لە مەبەستی شاعیر دوورە و لەگەڵ کۆی دەقە شیعرییەکەدا نایەتەوە، چونکە کاتێک دێڕەکانی تر دەخوێنیتەوە دەزانیت مەبەست ئافرەتە، ئەو زوڵمەت و نوورەیش بریتییە لە ڕەشیی زوڵفی و سپییێتی ڕوخساری، هیچ پێوەندی بە بوونی خوا و نەبوونییەوە نییە، بەڵام کاتێک دێڕەکە لە دەق و بەستێن (سیاق)ی خۆی دەردەهێنیت و بە ویستی خۆت واتاداری دەکەیت؛ ئەوە زێدەڕۆییە، ڕێک وەک ئەوە وایە منداڵێک لە دایک و باوک و خێزانی خۆی دابڕیت و بە زۆر ناسنامەیەکی تری بۆ دروست بکەیت.

بابەتی چواندنی ڕوخسار بە ڕووناکی، زوڵف بە تاریکی، لە شیعری کوردیدا زۆرە، بۆ دۆستانی ئەدەب شتێکی بەڵگەنەویستە، هەر بۆ دڵنیایی دێڕێکی مەولەوی وەبیر دەخەینەوە (٢٦):

**تا وە زوڵف و ڕووی تۆ تەماشامەن**
**ئەدای نمای فەرز سوبح و عیشامەن**

واتە: تا سەیری زوڵف و ڕوخساری تۆ بکەم؛ هەر دەبێت نوێژی خەوتنان و بەیانی بکەم، چونکە زوڵفی ڕەشت شەوم بیر دەخاتەوە، ڕووی سپیشت ڕووناکی بەرەبەیان.

ئەم زێدەڕۆییە هەر دەقێک دەگرێتەوە بە توولەڕێیەک بگاتەوە لایەنە ئایینییەکە، ئیتر ئەو توولەڕێیە دەکرێتە جادەی قیر، سەیرێکی ئەم دێڕە بکەین چۆن ئەمبەر و ئەوبەری پێ دەکرێت:

**هەر کەسێ هات و وتی من عاشقم بڕوا مەکە**
**تا لەسەر گۆنای نیشانەی زەخمی مارانگەز نەبێ**

هەرچەندە گەڕام و پرسیارم کرد نەمزانی هیی کێیە، بەڵام دەزانم وەک پووشی بەر با ئەمبەر و ئەوبەری پێ دەکرێت، هەم وەک گۆرانی و هەم وەک سروودی ئایینییش گوتراوە. ئەوانەی وەک گۆرانی گوتوویانە هەر مەبەستە ڕووکەش و دیارەکەیان وەرگرتووە، وەک خۆشەویستی ئاسایی لێکیان داوەتەوە، بەوەی عاشق دەبێت نیشانەی ماچ و گازی یاری لەسەر ڕوومەت بێت، یان نیشانەی فرمێسک و گریان بۆ یار بە ڕوومەتییەوە دیار بێت، ئەوانەشی لە بۆنەی ئایینیدا دەیڵێن؛ دەیبەستنەوە بە ڕوداوەکەی پێغەمبەر (د.خ) و ئەبووبەکر (ڕ.خ)، کاتێک لە ڕێی هەڵهاتنیان و بۆ خۆحەشاردانیان دەچنە ئەشکەوتێک، لەوێ پێغەمبەر (د.خ) سەر دەخاتە سەر ڕانی ئەبووبەکر (ڕ.خ) و خەوی لێ دەکەوێت، لەو کاتەدا مارێک لە کونێکەوە سەر دەردەکات، ئەبووبەکر (ڕ.خ) بە پێی خۆی کونەکە دەگرێت، مارەکە چەند جارێک پێوەی دەدات، پێغەمبەر (د.خ) بە فرمێسکی ئەبووبەکر

(ڕ.خ) بەخەبەر دێت، ئەوجا لە لێکدانەوە ئایینییەکەدا ئەو فرمێسکە نیشانەی عیشق و خۆشەویستی ئەبووبەکرە (ڕ.خ) بۆ پێغەمبەر (د.خ).

ئەم تێکەڵاوییە هەر لەو زێدەڕۆییەوە هاتووە کە لە شیعری سۆفیگەریدا هەیە، لە خواستنی وشە و وێنەکانی خۆشەویستی دنیایی و بەکارهێنانیان لە خۆشەویستی حەقیقی و خۆشەویستی پێغەمبەردا (د.خ). جا زێدەڕۆییەکە هەر ئەوەندە نییە، گەیشتووەتە ئاستێکی تر، وەک ئەم چەند دێڕەی (الزمخشري) (١٠٧٤-١١٤٣م) (٢٧):

**كثرَ الشكُّ والخلافُ وكلٌ**
**يدعي الفوزَ بالصراط السوي**
**فاعتصامي بلا إله سواه**
**ثم حبي لأحمد وعلي**
**فاز كلبٌ بحب أصحاب كهف**
**كيف أشقى بحب آل نبي**

لە دێڕی کۆتاییدا دەڵێت: سەگێک بەهۆی خۆشویستنی یارانی ئەشکەوتەوە سەرکەوتوو بوو، ئەی چۆن من بە هۆی خۆشویستنی (آل البيت)ـەوە بەدبەخت دەبم؟ ئیتر ئەم بابەتە خۆ هەر لەو ئاستی چواندنەدا ناوەستێت، بەڵکوو دوورتر دەڕوات، ئەوەتە بەشێوەی زارەکی گوێمان لێ بووە دەگوترێت:

**یا رسول الله هاتم**
**من سەگی بەر دەرگاتم**

هەر لەم چەشنە، شاعیری پایەدار بێخود، لە قەسیدە دڵگیر و تایبەتەکەیدا دەڵێت (٢٨):

**قوربانی کەسێ بم کە بە قوربانی نەبی بێ**
**وەک بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ**
**شاهی عەرەبی یەعنی قورەیشی نەسەبی بێ**
**جەرگی بە دوو ئەبرۆی ئەوە جنراوە دڵی من**

دیارە ئەمەش زێدەڕۆییە و خۆشویستنی پێغەمبەر (د.خ) شتی لەو جۆرەی ناوێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەڵێت جەرگی بە برۆی ئەو چنراوە، ئەمەش هەر بۆ بابەتی عیشقی دنیایی و خۆشویستنی ئافرەتان گونجاوە؛ نەک بۆ پێغەمبەر (د.خ).

دیسان ئەم بابەتی سەگە لە شیعری خۆشەویستی دنیاییدا هەیە، وەک لای (نالی) دەبینین (٢٩):

**هەر لەحزە دەڵێم من سەگی دەرگام و ڕەقیبیش**
**دێتە سەر و چاوم کە منیش سەگ مەگەسێکم!**
**گرتوویە سەگت چاکم و لای تۆمەوە دێنێ**
**یەعنی وەرە « نالی» کە منیش دادڕەسێکم**

هەر لە شیعری بێخوددا ئەم زێدەڕۆییە زۆر بەرچاو دەکەوێت، با ئەم نموونەیەش وەربگرین (٣٠):

**غەزالی خۆشخەرامی من کە توڕڕە ئینتیشار ئەکا**
**هەزار شێری سەفشکەن بە ڕشتەیێ شکار ئەکا**
**کە تیری غەمزە تیژ ئەکا لە جەرگ و سینە کار ئەکا**
**کە قامەتی بەدەر ئەخا قیامەت ئاشکار ئەکا**
**چ قامەتێ؟ بەڕاستی لە سەرووی جۆیبار ئەکا**

واتە: ئاسکی جوانڕەوی من، کە زوڵفی بڵاو دەکاتەوە، بەیەک تاڵ هەزار شێری ئازا و پۆلشکێن ڕاو دەکا. بە تیری غەمزەی چاوی جەرگ و دڵ کون دەکات، کە قەد و باڵای بەدەر دەخا؛ قیامەت ئاشکرا دەکا، قەد و باڵایەک کە لە سنەوبەری کەنار جۆگەی ئاو دەکات.

با سەرنجی ئەو بابەتانە بدەین کە ژنانەن و لێرەدا بەکارهاتوون:

١- چواندن بە ئاسک (غەزالی خۆشخەرام): چواندنی ژن بە ئاسک بۆ دەرخستنی ناسکی و لەشجوانی و خۆشڕەوییە. لێرەدا (بێخود) ئەو وێنەیە بۆ پەسنی پێغەمبەر بەکاردێنێت، بە

ئاسکی خۆشڕەو باسی دەکات.

٢- زوڵف (تورڕە و ڕشتە): ئەمەش بابەتێکی ژنانەیە، جوانی پیاو لە ئازایەتی و هەڵمەتی شێرانەیدایە، نەک زوڵف و پەرچەم و تاڵی قژ.

٣- غەمزە و نازی چاو (تیری غەمزە): غەمزە زۆر ژنانەیە، هەر بۆ ژنیش جوانە، ئەم بەکارخستنە بۆ پیاو جوان نییە، چ جای بۆ پیاوێکی گەورە و تایبەتی وەک پەیامبەر (د.خ).

٤- قەد و باڵا (قامەت و سەرووی جۆیبار): وەسفی قەد و باڵای ژن و چواندنی بە سەروو؛ زۆر بەکارهاتووە، زۆریش باوە لە ناو شاعیراندا، کەمتر لە پیاو دەوەشێتەوە.

ئەوجا با سەرنج لەو چوار بابەتەی سەرەوە بدەین لە شیعری کوردیدا، بزانین چەند جوان و گونجاو لە وەسفی ژندا بەکارهێنراون:

١- چواندنی ژن بە ئاسک،

(نالی) دەڵێت (٣١):

**ئەلا ئەی ئاسکی ناسک، بە باسک**
**شکاندت گەردنی سەد شێری شەرزە!**
**ئەلا ئەی نازەنین ئاهوو، بە باهوو**
**دڵی سەییادی خۆت هێنایە لەرزە!**

سەرنج بدەن، هەر ئەم دیمەنەی (نالی) لە وەسفی ژندا بەکاری هێناوە؛ (بێخود)یش لە وەسفی پەیامبەردا (د.خ) بەکاری هێناوە.

مام (هێمن)یش دەڵێت (٣٢):

**ئەرێ ئەی ئاسکی ناسک، هەتا کەی دەستەمۆ نابی؟**
**ئەرێ پیرۆزەکەی خۆشفەڕ، هەتا کەی نایە ماڵی من؟**

٢- زوڵف و تاڵی قژ،

(حەریق) دەڵێت (٣٣):

**کەوتە نێو زوڵماتی زوڵفت دڵی ئەسکەندەرم**
**خدری زیندە ماچی لێوت، کێی دی ڕزگاری ئەکا؟**

(لوتفی)یش دەڵێت (٢٤):

**زوڵفەکانت وەک تەنافە چاوەکەم بۆ گەردنم**
**یەک نیگاهت کافییە گەرچی لە حاڵی مردنم**

٣- چاو و غەمزە،

(ناری) دەڵێت (٣٥):

**بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین**
**بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین**

(سالم)یش دەڵێت (٣٦):

**بە غەمزەی چاوی مەخموورت بەتاڵ بوو**
**لە مەشریق تا بە مەغریب سیحر و جادوو**

٤- قەد و باڵا،

(نالی) دەڵێت (٣٧):

**ئەی سەرووی بوڵەند قەد و برۆ تاق و مەمک جووت**
**کێ دەستی دەگاتە بەی و هەناری نەگەیشتووت؟**

(سەیفولقوزات)یش دەڵێت (٣٨):

**قەدی یار سەرووی جۆبار و ئەتۆ ئەی زولف لاولاوی!**
**سەراپا، حەڵقە حەڵقە، وا لە باڵای بەرزی ئاڵاوی**

ئەگەر وردبینەوە دەبینین چۆن جوانییەکانی ژن لە وەسفی پەیامبەردا (د.خ) بەکارهاتوون، دەشبینین ئەو بابەتانە بۆ ژن چەند جوان و گونجاون، چەندیش نارێکن لە وەسفی پیاوێکدا کە بە (كان خلقه القرآن) و (قرآن يمشي على الأرض) وەسف کراوە، چونکە:

١- گەورەیی و جوانیی پەیامبەر لە پەیام و ئاکاری بەرزی مرۆڤانەیدایە، نەک جوانیی ڕوخسار.

٢- لەو بابەتە گەورەیەدا ڕوخسار گرنگ نییە، کردار پێوەرە. لە فەرموودەدا هاتووە: «إن الله لا ينظر إلى أجسامكم، ولا إلى صوركم، ولكن ينظر إلى قلوبكم وأعمالكم».

لێرەدا گرنگە ڕاستییەک ڕوون بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە واتادارکردنی دەق لەلایەن

خوێنــەرەوە بابەتێکــی ئاســایی و ســەلمێنراوە، تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقي) گرنگییەکی زۆر بە خوێنـەر دەدات، بـەڵام بـەو مەرجـەی خوێنـەر شـارەزا بێت و دەقەکـەش ئـەو واتایـە هەڵبگرێت و لەگـەڵ بەسـتێنی گشـتیدا بگونجێـت، نـەک ئـەوەی دێڕێـک لـە تـەواوی دەقەکـە دابڕێنرێـت و بە زۆر واتایەکی بە بەردا بکرێت، یان تـەواوی دەقەکـە لـە مەبەسـتە سـەرەکی و ئاشـکراکەی دووربخرێتــەوە و مەبەســتێکی تــری دووری بــۆ بڕیـار بدرێـت.

پوختــەی قســە ئەوەیــە کــە شــیعری سۆفیگەری زێدەڕۆیـی زۆری لـە گوزارشـت لـە خۆشەویسـتی و خوا و پێغەمبـەر (د.خ) کـردووە، هەروەهـا بەشـێک لـە خوێنـەران و ڕاڤەکارانیـش هـەر وایـان کـردووە، ئـەو تێکەڵاوییــەی عیشــقی حەقیقــی و مەجازییــان قۆسـتووەتەوە و ئـەوەی ڕاسـت و ڕەوان بـۆ خۆشەویسـتی مەجـازی و دنیایـی وترابێـت؛ بـەلای خۆشەویستی حەقیقی و ڕوحانیدا شکاندووەتەوە. هۆکارەکـەش ئەوەیـە کـە سۆفیگەری بۆ گوزارشـت لـە عیشـقی حەقیقی پەنـای بۆ فەرهەنگی عیشـقی مەجازی بـردووە، هەروەها بۆ گەیشـتن و تێگەیشـتن لـە خۆشەویستی ڕوحی؛ خۆشەویستی دنیایی بە سـەرەتایەکی بـاش زانیـوە، لەوانەیـە هـەر لەبـەر ئـەوە و هـەر بـەو مەبەسـتەش (بێسارانی) (١٦٤٣ -١٧٠٢م) وتبێتــی (٣٩):

**هەر کەسێ عەشقش ڕەفیق نمەبۆ**
**واسڵ تەریق حەقیق نمەبۆ**
**تا مەجاز نەبۆ، حەقیق نمەبۆ**
**بێ مەجاز حەقیق تەحقیق نمەبۆ**

واتـە: هەرکەسـێک عاشـق نەبێـت ناچێتـە ڕێـی حەقیقەتـەوە، تـا مەجازیـش نەبێـت، حەقیقـەت نابێـت، کەواتـە بـۆ گەیشـتن بـە حەقیقـەت؛ دەبێـت لـە مەجـازەوە دەسـت پـێ بکرێـت.

**پەراوێزەکان:**

١ - محمد بن عبدالجبار بن الحسن النفري، المواقف والمخاطبات، أرثر يوحنا أربري، مكتبة المتنبي، القاهرة: ٥١.

٢ - أبو الحسن علي بن محمد الديلمي، عطف الألف المألوف على اللام المعطوف، تحقيق: حسن محمود عبد اللطيف الشافعي، جوزيف نورمنت بل، دار الكتاب المصري: ١٣٣

٣ - زكي مبارك، التصوف الإسلامي في الأدب والأخلاق، مؤسسة هنداوي، القاهرة، ٢٠١٢: ٢٧٩.

٤ - دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، انتشاراتی کردستان، ١٣٨١، سنە: ٢٣٠.

٥ - دیوانی فەنایی، ئامادەکردنی: عابد عەبدوڵا موستەفا، انتشارات کردستان، سنە، ١٤٢٠: ٤٩.

٦ - ديوان ابن الفارض، دار صادر، بيروت: ١٢٣.

٧ - عبد المنعم الحفني، رابعة العدوية إمامة العاشقين والمحزونين، دار الرشاد، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٩٦: ١٦.

٨ - ديوان أبي الحسن الششتري، تحقيق: علي سامي النشار، المعرف، الأسكندرية، ١٩٦٠:٦٦.

٩ - كمال‌الدين أبو البركات المبارك بن الشعار الموصلي، قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبوري، دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠٠٥: ١٨٤.

١٠ - ديوان الحلاج ومعه أخبار الحلاج وكتاب الطواسين، تعليق: محمد باسل عيون السود: ١٥٨.

١١ - أحمد بن محمد المقري التلمساني، نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر، بيروت: ٤٧٨/٣ - ٤٧٩.

١٢ - التصوف الإسلامي في الأدب والأخلاق:

٥٦٤.
١٣ – التصوف الإسلامي في الأدب والأخلاق: ٥٦٦.
١٤ – أبو محمد جعفر بن أحمد بن الحسين السراج القاري البغدادي، مصارع العشاق، دار صادر، بيروت: ٢٢٠/٢.
١٥ – ديوان ابن نباتة المصري، دار إحياء التراث، بيروت: ٣٧٣.
١٦ – التصوف الإسلامي في الأدب والأخلاق: ٢٥٨.
١٧ – ديوان كعب بن زهير، تحقيق: علي فاعور، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧: ٦٠.
١٨ – ديوان لسان الدين بن الخطيب السلماني، تحقيق: محمد مفتاح، دار الثقافة، الطبعة الأولى، الدار البيضاء،٢:١٩٨٩/٦١٠.
١٩ – ديوانی فەنایی: ٢١٨.
٢٠ – ديوانی تاهير بەگی جاف، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی: موحەممەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی و ئەوانی تر، انتشارات کردستان، سنە، ٢٠٢٣: ١١٣.
٢١ – ديوانی مەحوی: ١٤٣.
٢٢ – ديوانی مەحوی،: ١٤٢ – ١٤٤.
٢٣ – ديوانی مەحوی: ٤٩.
٢٤ – أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي، إحياء علوم الدين، دار المعرفة، بيروت: ٥٠٩/٤.
٢٥ – ديوانی تاهير بەگی جاف: ١١٣.
٢٦ – ديوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، انتشارات کردستان، چاپی سێیەم، سنە،١٣٩٥: ١٦٩.
٢٧ – شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي، معجم الأدباء أو إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، المحقق: إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٣: ٢٦٨٩/٦.
٢٨ – ديوانی بێخود، کۆکردنەوە و ڕێکخستن و لەسەرنووسینی: محەممەدی مەلا کەریم، انتشارات کردستان، سنە، ٢٠٢١: ٨٥.
٢٩ – ديوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی دووەم، سنە، ١٣٧٩: ٢٨٥.
٣٠ – ديوانی بێخود: ١٧.
٣١ – ديوانی نالی: ٤٤٩.
٣٢ – ديوانی هێمن موکریانی، پێداچوونەوە: نەجمەددین براخاسی، سیروان ڕەحمانی، انتشارات کردستان، چاپی دووەم، سنە، ٢٠١٩: ١٤٢.
٣٣ – ديوانی حەریق، لێکۆڵینەوە: سەید نەجمەددینی ئەنیسی، بڵاوکراوەکانی چاپەمەنی محەمەدی، سەقز، ١٣٦٩ی هەتاوی: ١٣٠.
٣٤ – ديوانی لوتفی، ئامادەکردنی: شێخ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپخانەی کارۆ، چاپی سێیەم، کەرکووک، ٢٠١٣: ٣٥٤.
٣٥ – ديوانی ناری، کۆکردنەوە و لێکدانەوە: عوسمان عارف ناریزادە، انتشارات کردستان، چاپی یەکەم، سنە، ٢٠٢٣: ٣٣٠.
٣٦ – ديوانی سالم، بەرگی یەکەم، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، بنکەی ژین، ٢٠١٥: ٦٢٨.
٣٨ – ديوانی نالی: ١٥٢.
٣٨ – https://books.vejin.net/ck/text/2877
٣٩ – ديوانی بێسارانی، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی عەبدوڵا حەبیبی، سنە، ١٣٩٥: ٤٢٤-٤٢٥.